# چەند سەرنجێك دەربارەی ئەو كۆنفرانسەی لە بالویزخانەی عێراق بۆ قۆتابخانە عیراقیەكان لەم ڕۆژانەدا بەسترا

**فاتمە عومەر ڕێشاوی**
**Fatima1964_1@hotmail .com**

**هەموو دەزانین منالانمان – بە هەموو نەتەوە جیاوازەكانەوە – لە هەندەران لە هەموو بوارە زانستیەكاندا هەر لە قۆناغی سەرەتایی تا زانكۆ ,هەر لە بەرنامەی خوێندنەوە تا بابەتی وانە وتنەوە و شێوەی پۆل و قوتابخانە, بە سیستەمێكی خوێندنی چاك و پێشكەوتوودا تێدەپەڕن. بەلام ئەوەی كە مندالەكانمان لێی بێ بەشن خوێندنی زمانی دایك و ناسینی مێژو و كەلتوری خۆیانە, هەمووش دەزانین ئەم دوو بابەتە پەیوەندیەكی زۆریان بە ناسنامەوە هەیە وكاریگەری زۆریان لەسەر كەسێتی و حالەتی دەروونی هەیە. بۆیە نەبونی ئەم دوو بابەتە لە سیستەمی خوێندن و پەروەردەیی مندالدا دەبێتە یەكێك لە هۆكارە نیگەتیڤەكان لەسەر كەسێتی مندال بە تایبەتی لە قۆناغی هەرزەییدا. جگە لەوەش بە پێی لێكۆلینەوەیەكی زانستی لە یەكێك لە زانكۆكانی هۆلەندا ئەنجام دراوە, دەگاتە ئەنجامێك كە دەلێ: ئەو مندالەی زمانی دایكی باش بزانێ باشتر فێری زمانی بێگانەش دەبێ, نەك بە پێچەوانەوە, كە هەندێ لە باوك و دایكانی لای ئێمە وا لێی تێگەیشتوون. جگە لەوەش مندال لە تەمەنی چوار تا شەش سالیەوە توانای وەرگرتنی زیاتر لە سێ زمانی هەیە, مەرج نیە كە بە تەواوی هەرسێكیان فێر بێت بەلام بناغەیەكی بۆ دروست دەبێ كە دوایی بە ئاسانی ئەو زمانە دەتوانێ فێربێ یان پێی بدوێ. لەم دەرئەنجامەوە فێركردنی زمانی دایك و كەلتور ئەركێكە لای هەموو حكومەت و كۆمەلگە ئەوروبیەكان كەم تا زۆر گرنگی هەیە و ئامادەیی ئەوەیان هەیە كە یارمەتی ماددی دامەزراندنی پڕۆژەیەكی لەو جۆرە بدەن. بە شێوەیەكی گشتی ئەو كارە بە ئەركی نەتەوە هاتووەكان دەزانن تا هەولی بۆ بدەن و پێی هەلسن. تەنها حكومەتی سوید نەبێ كە خوێندنی زمانی كوردی بۆ قوتابیە كوردەكان ئیلزام كردوە. ئەوانی تر یەكێ لەوانە هۆلەندا ئەم كارە بە ئەركێكی خۆبەخشی دەژمێرێ, واتە كەسانێك بیانەوێ لە شارەكانی خۆیاندا ئەو كارە بكەن هەندێ پێداویستی و شوێنیشیان بۆ دابین دەكات. بەلام خۆیان كە ئەو كارە جێبەجێ دەكەن لە خانەی كاری خۆبەخشیدا دادەنرێ.**

**ئەم پڕۆژەیە بە دوو شێواز بەڕێوە دەچێ :**

**1– قوتابخانەی تایبەت ( قۆناغی سەرەتایی یان ناوەندی) سەربەو نەتەوەیە كە هەموو بابەتەكانی تێدا بە زمانی هۆلەندی بوترێتەوە واتە ئەو قوتابخانەیە لە بری قوتابخانەی هۆلەندی دامەزراوە و لە هەمان كاتیشدا وانەی زمانی دایك و كەلتوور و ئایین دەوترێتەوە. ئەم شێوازە لای مەغریبیەكان زیاتر دەبینرێ. لە هۆلەندا 40 قوتابخانەی سەرەتایی و 2 قوتابخانەی ناوەندی هەیە.**

2- چەند کاتژمێرێك لە هەفتەیەکدا بۆ مندالان دابین دەکرێ بۆ ئەوەی ئەو دوو بابەتە بخوێنن. ئەم شێوازەیان دەشێ ئەگەر کاری باشی بۆ بکرێ, سەرکەتوو بێ . چونکە ئەمەیان مندالەکە لە سیستەمی خوێندنی ئەو ولاتە و لە ئەو کۆمەلگایەش بە گشتی دانابڕێ. لە هەمان کاتیشدا ئەو پێویستیە ڕۆحیەی ناسنامەی بۆ پڕ دەکاتەوە.
هەر یەکە لە نەتەوە و ڕەگەزە جیاوازەکان کەم تا زۆر بیر لەم پێویستەیە دەکەنەوە و هەندێ جاریش هەولدەدەن بەم ئەرکە هەستن. ئێمەش لە شاری سیتار چەند خێزانێکی کورد هەستاین بە دامەزراندنی پرۆژەیەك لەم جۆرە بە ناوی پرۆژەی هۆشیاربوونەوەی کوردی. لەسەرتادا 20 تا 25 مندالمان هەبوو , دوو وانە دەووترایەوە: زمانی کوردی و کورتەیەك لە مێژووی کورد. ئەم پرۆژەیە بە داخەوە تەنها ماوەی 5 سالی 1999- کۆتایی 2004 ی خایاند . ئەو هۆکارانەی کە بونە هۆی وەستانمان بەکورتی ئەمانەبوون :
* کۆچکردنی هەندێ لە خێزانە کوردەکان بۆ شارێکی تر یان ولاتێکی تر. چونکە هەر خێزانێك سێ یان چوار مندالی لەم پرۆژەیەدا هەبوو.
* گەورەبونی ژمارەیەك لەو منالانە و چوونە قۆناغی ناوەندی, ئەوەش بوە هۆی ئەوی کە گرفتی کاتیان بۆ دروست ببێ و بەردەوام نەبن لەم پرۆژەیە.
* خێزانیش هەبوو هەر ئامادەییان نەبوو مندالەکانیان بێنن .
* خێزانی واش هەبوو , وا ڕێدەکەوت مندالەکەی لە خوێندنی هۆلەنیەکەدا وەك پێویست سەرکەوتوو نەبوو, لەمەوە ترسی لێدەنیشت و وایدەزانی هۆکەی ئەوەیە کە ئەم وانە زیادانە دەخوێنێ, بۆیە مندالەکەی لە پرۆژەکە دەکشانەوە .
هەر بەم شێوەیە ئم جۆرە پرۆژانە هەموو یان بە گشتی کێشەی جۆراو جۆر ڕوویان تێدەکات. بە بۆچونی من دەشێ هەولبدرێ و چارەسەر بکرێ. بەلام کێشەی سەرەکی ئەوەیە چۆن مۆتیڤ بۆ منالان دروست بکەیت تا ئارەزووی خوێندنیان هەبێت لە لایەکەوە و ناهۆشیاری هەندێ لە دایك و باوکانە لە ڕووەوە .
* ئەوەی من لەماوەی ئەم 5 سالەدا لێی تێگەشتبم, نەبونی مۆتیڤ لای مندالە کوردەکان لە دوو هۆوە دێ:
1- نەبونی بەرنامەیەکی خوێندن بۆ فێربونی زمانی دایك و کەلتور لەسەر شێوازی ئەو بەرنامە خوێندنەی کە لە قوتابخانە حکومیەکاندا لەم ولاتانەدا پەیڕەو دەکرێ, کە زۆر ڕەچاوی جیهان و ئارەزووەکانی مندال دەکات. ئەمەش وا دەکات کە مندالانمان چێژ لەم جۆرە پرۆژانە وەنەگرن.
2- ژینگە, ئەو ژینەگەیە کە ئەو مندالەی تێدا ئەژی ژینگەیەکە زمانێکی تر تێیدا ئەکتیڤە, هەر لە میدیاکانەوە تا کۆلان و یانەی چالاکی و وەرزشیەکان, تەنانەت زۆر جار خوشك و براکان لە نێوان خۆشیاندا هەر بە زمانی ئەو وولات دەدەوێن. بۆیە ئەو مندالە هەست ناکات کە پێویستی بە زمانی دایکی هەیە. وا تێدەگات هەر ئەو چەند ووشە و ڕستەیەی کە لەمالەوە لەگەل دایك و باوکی پێی دەدوێ بەسیەتی.
لە گەل ئەوەشدا لە ماوەی ئەو 4 سالەی کە من خۆم وانەی کوردیم لە شاری سیتارد بە مندالە کوردەکان وتۆتەوە, مندالی واشمان هەبوو ئەیووت: وانەی زمانی کوردی و مێژووی کوردم بەلاوە خۆش ترە لە قوتابخانە هۆلەندیەکە. یان مندالمان هەبوو ئەیوت : من زۆر بە خۆشیەوە دێم بۆ خوێندنی ئەم وانەیە . بەلام زۆربەشیان یان بە زۆر یان بە هاندانێکی زۆری دایك و باوك دەهاتن.
* نەبونی هۆشیاری دایك و باوك, ئەمەیان لە زۆربەی بوارەکانی تری ژیاندا بە تاییەتی پەروەردە و خوێندندا ئاشکراو دیارە, ئەم ناهۆشیاریەش دوو لایەن دەگرێتەوە, دەگمەنی ئەو دایك باوکانەی کە ئامادەن مندالەکانیان

هانبدەن وەك وتمان زۆربەیان پێیان وایە منداڵەکەیان  بە خوێندنی وانەی زمان و کەلتور سەرقاڵیان زیاد دەکات و لە خوێندنی قوتابخانە حکومەتیەکاندا دوا دەکەون. یان ئامادە نین  وانەکان بلێنەوە, هەندێ جار لەبەر ئەوەی کاتیان نیە زۆر سەرقاڵن بە کاروباری  ژیانەوە یان ئەوەندە گرفتی خێزانی و دەرونیان هەیە توانای لەم جۆرە کارانەیان نیە, یان باوەڕیان بەخۆیان نیە وادەزانن ناتوانن, یان هەشن ئامادە نین هیچ جۆرە کارێکی خۆبەخشی بکەن.

بۆیە بە بۆچونی من وا چاکترە کە وتنەوەی ئەم دوو وانەیە لەلایەن حکومەتی ئەو وولاتانەی کە کۆچبەرانی لێ دەژین یان لە لایەن حکومەتی وولاتانی کۆچبەران خۆیان, بکرێتە وانەیەکی ئیلزامی و مەرجێك لە قبولکردنی بڕوا نامەکانیان بێت کاتێ کە بۆ ولاتەکانیان دەگەڕێنەوە. بۆ ئەمەش پێویستمان بە دروستکردنی لیژنەیەك هەیە بۆ دانانی بەرنامەی خوێندن لەسەر شێوازی ئەوروبی .

بۆ ئەم مەبەستە و بۆ بە جێهێنانی ئەرکی ووتنەوەی زمانی دایك و ئاشنا کردنی منداڵە عێراقیەکان –بە کورد و عەرەب و تورکمان و ئاشوریەکانەوە – بە کەلتوری نەتەوەی خۆیان , باڵوێزخانەی عێراقی لە هۆڵەندا کۆنفرانسێکی لە دەنهاغ لە 14ی ئەم مانگەدا بەست.

ئێمەش لە سیتارد بە سیفەتی ئەوەی یەکێك بوین لەو دەستپێشکەرانە, بانگهێشت کراین و لەو کۆنفرانسەدا بەناوی "پرۆژەی هوشیاربوونەوەی کوردی" بەشداریم کرد.

کۆنفراسەکە سەعات 11ی بەیانی تا 16 ئێوارە  بەردەوام بوو. ئامادەبوان لە زۆربەی شارەکانی هۆڵەنداوە هاتبون و زۆر بەگەرمی پێشوازی کراین , کۆنفراسەکە بە ووتەی بەخێرهاتن لەلایەن سەرۆکی دانیشتنەکە و وتەی  باڵوێزی عێراقەوە کرایەوە .

بەندی یەکەم تەرخان کرا بوو بۆ  ئەوەی ئامادە بوان خۆیان  بناساێنن و تۆمارکردنی ناوی قوتابخانە و ژمارەی قوتابیان و ئەو وانانەی کە دەوترێنەوە بخرێنە ڕوو.

بەندی دوەم تەرخان کرا بوو بۆ خستنە ڕووی کێشە و ئاستەنگەکان, لەوانە: کێشەی شوێن و نەبونی بەرنامەیەکی وا کە لەگەڵ دنیای منداڵی ئەمڕۆدا بگونجێ, نەبونی مۆتیڤ لە لایەن منداڵەکان و ناهۆشیاری خێزانەکان.

ئەوەی دەمەوێ لێرەدا ڕوونی بکەمەوە چەندڕەخنەیەکە لەسەر چۆنیەتی ئەو کۆنفرانسە کە لەوێدا  پێویست بوو بیلێم بەلام بوار نەبوو .

سەرەتا ڕەخنەکانم لەم خالانەدا  دەخەمە ڕوو:

1– لەبەر ئەوەی خشتەی کارەکانی کۆنفراسەکە هەموو  ڕەگەز و نەتەوەکانی عێراقی  گرتبووەوە, داواکاری و پێشنیار و ئامانجە جیاوازەکان  تێکەل بووبوون.  هەریەکە داوای شێوازێکی زۆر جیاواز  لە قوتابخانەی دەکرد. هەندێ لە برا عەرەبەکان داواکاری و پێشنیارەکانیان لەو بازنەیەدا دەسوڕایەوە کە قوتابخانەی تایبەت –بە منداڵی عێراقی– کە هەموو وانەکانی تێدا بوترێتەوە, بکرێتەوە. واتە جێگەی قوتابخانە هۆڵەندیەکان بگرێتەوە. تەنانەت لێکۆلینەوەیەکیان خستە ڕوو کە گوایە نزیکەی  لە 70% ی عێراقیەکان قوتابخانەی عێراقیان پێ باشترە لەقوتابخانەی هۆلەندی. ئەوەی من تێی گەیشت بم مەبەستی کۆنفراسەکە ئەم شێوازەی نەدەگرتەوە.  ئەمەش وایکردبوو  کاتێکی زۆر لە لە کۆنفراسەکە  بە ووتار و داواکاری  گەورە دا, بڕوات.

له كاتێكدا كوردەكان پێشنیاری چەند كاتژمێرێك بۆ ووتنەوەی وانەی زمانی دایك و كەلتوور زیاتریان پێنەبوو. له ڕاستیشدا خۆی مەبەستی كۆنفرانسەكە ئەم شێوازەی دەگرتەوە , هەر ئەوش له تواندایە جێبەجێبكرێ .

دەبوایە له دانیشتنەكەدا ئەم دوو شێوازە بۆ ئامادەبوان جیا بكرایەتەوە و دروشم و ستراتیژێتی كۆنفراسەكە بۆ هەموان ڕوون تر بوایە, تا ئامادەبوان تا ڕادەیەك پێشنیارەكانیان له خالێكدا یان له شێوازێكدا چڕكردایەتەوە.

2- به درێژایی ئەو كۆنفرانسە ئامادە بوان جەختیان لەسەر بەرنامەی خوێندن كردوە لەسەر شێوازی ئەوروپا چەندین مامۆستا و شارەزایانی بواری خوێندن, ووتەی جوان و پێشنیاری جوانیان پێشكەش كرد بەلام له كۆتایی كۆنفراسەكەدا بڕیار درا كە بەرنامەی خوێندن له عێراقەوە بهێنرێ .
وەك دەلێن لەو ئاخر و ئۆخرەدا دەستم بەرزكردەوە و هاوارم كرد ڕێگەم بدەن شتێك بلێم, هەرچۆن بوو ڕێگەیاندام, ووتم: من زۆر پێم سەیرە بەرنامەی خوێندن له عێراقەوە بۆ ئێرە بهێنرێت, وەك خۆشتان دەلێن ئەو هەموو پارەی تێدەچێت ؟ ئەی ناتوانن لێرە لیژنەیەك دروست بكەن بۆ دانانی بەرنامەیەك له سەر شێوازی خوێندنی ئێرە له ڕێگەی وەرگێڕان یان سود وەرگرتن له بەرنامەی خوێندنی هۆلەندا, من لەم جۆرە هەولێكم داوە , نمونەم پێیە , سەیری بكەن بزانن چۆنە ؟
بەلام بێ سود بوو بەوە وەلامیان دامەوە كە كاتی ئەوەش دێت. ئەوەندە سەرسام بووم نەمدەزانی چی بلێم, نەمتوانی بلێم: جا پاش چی ؟!!!!!!!!
ئەوانەی له دەوروپشتم بوون له ڕووی خۆمدا كەم تا زۆر پشتگیری پێشنیارەكەی منیان كرد, بەلام سودی نیە ئەوان ئەگەر به ئاشكرا و به ڕاشكاوانە پشتگیری لەو پێشنیارە نەكەن بەكەلكی چی دێ ؟!

3- به درێژایی كۆنفراسەكە جەخت دەكرایەوە لەسەر بەرنامەیەكی یەكگرتوو بۆ هەموو ئەو قوتابخانە عێراقیانە. تەنانەت كەسانی وا هەبوون باسیان له یەك وانەی مێژوویی دەكرد .
ئەوەی لێرەدا بەلای منەوە سەیر بوو ئەوە بوو ئەگەر مەبەست له كردنەوەی قوتابخانە بۆ به هێز كردنی ناسنامە بێ چۆن دەكرێ مێژووی دوو نەتەوە بكرێ به یەك مێژوو.
4- سەرەڕای هەموو ئە خالانە, خالێكی تر هەبوو ئەویش ماوەی كۆنفراسەكە بوو هەرچەند ماوەكە كورت نەبوو لەگەل ئەوەشدا بابەتەكان به پێی پێویست به تێر وتەسەلی دواندنیان لێنەكرا, چونكە هەموو كۆبونەوە و دانیشتنەكانمان خزێنراون به ووتاری داڕێژا و سوپاسگوزاری و ستایشكردن.

ئەمە ئەوە دەگەیەنێ كە بڕیارەكان له پێشەوە وەگیرا بوون , ئیتر نەمزانی خەلكیان بۆچی بانگ كردبو, ئەمەش ئەوەی لای من و لەوەدەچێ لای كەسانی تریش دروست كرد كە ئەگەر له ناوجەرگەی وولاتێكی وەك هۆلەندا ئەمە ئاستی دیموكراسیەت بێ, ئەوە دەگەیەنێ كە ئێمە زۆر زیاتر لەوەمان ماوە كە چاوەڕێی دەكەین له باشتر بوونی

چۆنیەتی بیرکردنەوەمان و بارودۆخی ژیان, جگە لەوەش کە ئێمەی کورد لێرەش ناتوانین خۆمان خۆمان بین و و زمانی کوردی ئەوەندە بە هێند دانانرێ کە ڕۆژێکی تایبەتی بۆ تەرخان بکرێ. وەك هەمووومان دەزانین هەر کاتێ بابەتەکانی ئەم دوو نەتەوەیە تێکەڵ بین, کورد دەبێتە پاشکو و دەکەوێتە پەراوێزەوە, چونکە کورد – هەروەك ئازاد قەزاز لە چەند وتارێکیدا ئاماژەی پێکردوە_ زەمینەی ڕۆحی خۆی لە نەتەوەی عەرەبەوە قەرز کردووە .